روووناکی

# ڕێبەری بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی کارەبا

## سوودەکانی بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی کارەبا

## بەکارهێنانی بەرپرسیارانە دەبێتە هۆی کەمکردنی پسوولەی کارەباکەت

بە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەتوانیت ببیتە بەکارهێنەرێکی بەرپرسیار و پسوولەی کارەباکەت کەمبکەیتەوە:

- ئامێری وەک جلشۆر تەنها لەو کاتانە بەکاربهێنە کە بڕێکی زۆر جلت ئامادەیە بۆ شۆردن
- کوژاندنەوەی ئامێرە کارەباییەکان ئەگەر بەکاریان ناهێنیت
- بەکارهێنانی ئامێری کارەبایی خاوەن چوستی بەرز وەک گڵۆپی (LED)
- لە بەرزترین توانا و لە هەموو کاتەکاندا کار بە ئامێرە کارەباییەکان مەکە

پلەی گەرمی بەفرگرەکەت ڕێکبخەوە تاوەکو لەبەرزترین تواناداکارنەکات و کارەبای کەمتر بەکاربهێنیت

## کۆمەڵێک ڕێنمایی گشتی بۆ کەمتر بەکارهێنانی کارەبا

**بۆیلەری کارەبایی**

- **بۆیلەری کارەبایی تەنها لەکاتی پێویست دابگرسێنە**
- **ڕێکخستنەوەی پلەی گەرمی بۆیلەر چونکە کەمکردنەوەی پلەی گەرمی بۆیلەر دەبێتە هۆی کەمتر بەکارهێنانی ووزەی کارەبا**

ئەگەر ڕۆژانە یەک کاتژمێر کەمتر بۆیلەری کارەبایی بەکاربهێنیت، ئەوا مانگانە نزیکەی 60-90 کیلۆوات کاتژمێر بەکارهێنانی کارەبات کەمدەبێتەوە

**گڵۆپ**

- **کوژاندنەوەی گڵۆپەکان کاتێک ژوورەکەت جێدەهێڵیت**
- **گۆڕینی جۆری گڵۆپەکانت بۆ LED**

ئەگەر یەک گڵۆپ بگۆڕیت بۆ LED ئەوا مانگانە نزیکەی 14-18 کیلۆوات کاتژمێر کارەبا کەمتر بەکاردەهێنیت

**گەرمکەرەوەی کارەبایی**

- **هیتەری کارەبایی بکوژێنەوە کاتێک ژوورەکەت جێدەهێڵیت**
- **بەکارهێنانی جێگرەوەی هیتەری کارەبایی بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا، بۆ نموونە گەرمکەرەوەی گاز**
- **گەرمکەرەوەکەت تەنها لەو ژوورانە بەکاربهێنە کە خۆت تێیدایت**

ئەگەر ڕۆژانە یەک کاتژمێر هیتەری کارەبایی کەمتر بەکاربهێنیت ئەوا مانگانە نزیکەی 45 کیلۆوات کاتژمێر کارەبا کەمتر بەکاردەهێنیت

**سپلێت**

- **دەرگاکانی ژوورەکەت دابخە کاتێک سپلێت بەکاردەهێنیت**
- **لەکاتی کڕینی فێنککەرەوە بۆ ماڵەکەت، سپلێتی ئینڤێرتەر لەبەرچاوبگرە چونکە کارەبای کەمتر بەکاردەهێنێت**

ئەگەر ڕۆژانە یەک کاتژمێر سپلێت کەمتر بەکاربهێنیت ئەوا مانگانە نزیکەی 45 کیلۆوات کاتژمێر کارەبا کەمتر بەکاردەهێنیت

سەنتەری خزمەتگوزاری پڕۆژەی ڕووناکی
بەردەستە لە کاتژمێر 9ی بەیانی تاوەکو 9ی
شەو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان

1992
RUNAKI.GOV.KRD

خۆت تۆماربکە لە پڕۆژەی ڕووناکی بۆ
ئاگاداربوون لە ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا
و ڕێنمایی بەکارهێنانی بەرپرسیارانە